پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا بوو، نوێژی عیشای کرد، لە یەکێک لە ڕکاتەکان (التِّينِ وَالزَّيْتُون - سورەتی التین)ی خوێند، گوێم لە هیچ کەسێک نەبووە کە دەنگی وەکو ئەو خۆش بێت و وەکو ئەو جوان بیخوێنێت

لە بەرائی کوڕی عازبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا بوو، نوێژی عیشای کرد، لە یەکێک لە ڕکاتەکان (التِّينِ وَالزَّيْتُون - سورەتی التین)ی خوێند، گوێم لە هیچ کەسێک نەبووە کە دەنگی وەکو ئەو خۆش بێت و وەکو ئەو جوان بیخوێنێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سورەتی (التین)ی خوێند لە ڕکاتی یەکەمی نوێژی عیشادا؛ چونکە لە سەفەردا بوو، ولە سەفەریشدا ڕەچاوی ئاسانکاری وکەم کردنەوە دەکرێت، چونکە سەفەر کردن ناخۆشی وناڕەحەتی تێدایە، وهەرچەندە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موسافیر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وازی نەهێنا لەو شتەی کە هۆکارە بۆ خشوع وئامادەبوونی دڵ لە کاتی بیستنی قورئان، وئەمیش بریتیە لە دەنگ خۆشکردن لە کاتی خوێندنی قورئان لە کاتی نوێژدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3177